# لەم ڕۆژگارەدا پارە وماڵ وسامانەکەی لەکۆێ دابنێت کە سوو وڕیبا بەشێویەکی لەبەرچاو بڵاو بووەتەوە

[ کردي – کوردی – kurdish ]

**موفتی : سایتی ئیسلام پرسیار ووەڵام**
www.islamqa.com

**وەرگێڕان : دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

2010 - 1431

islamhouse.com

# ﴿ أين يضع ماله في هذا الزمان الذي انتشر فيه الربا ؟ ﴾

« باللغة الكوردية »

إفتاء : موقع الإسلام سؤال وجواب

www.islamqa.com

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

2010 - 1431

islamhouse.com

# لەم ڕۆژگارەدا پارە وماڵ وسامانەکەی لەکۆێ دابنێت کە سوو وڕیبا بەشێویەکی لەبەرچاو بڵاو بووەتەوە

**پرسیار :** لەم ڕۆژگارەدا کە متمانە وئەمانەت پارێزی لاواز بووە و وبانکەکانیش زۆربەیان گومانیان لێ دەکرێت لە ڕیبا وەرگرتن، وە بانکی ئیسلامیشمان نیە و ماڵەکانیش دڵنیانیت لەوەی دزیان لێ نەکرێت، جا بۆیە من دەمەوێت ماڵو سامانەکەم لەجێگایەکی حەڵاڵ دابنێم بەبێ ئەوەی تاوانبارببم، ولەهەمانکاتیشدا ئەو پارەیە بخەمە پرۆژەیەکی سەرمایەگوزاری وبەرهەمهێنانەوە وزەکاتەکەشی لێ دەربکەم، وە ئەگەر نا ئەو ماڵوسامانەم صەرف دەبێت وزەکاتەکەشی کەم دەبیتەوە ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان درود ورەحمەت بۆ سەرگیانی محمد المصطفی وسەرجەم ئال وبەیت وهاوەڵە بەڕێزەکان وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

دانانی ماڵ وسامان لەو بانکانەی کە مامەڵە بەڕیبا وسوودەوە دەکەن خۆی لەخۆیدا یارمەتیدان وهەماهەنگی ئەو بانکانەیە لەسەر سوود وەرگرتن، ئەمە ئەگەر هاتوو ماڵوسامان وپارەت خستە ئەو بانکانە بەبێ وەرگرتنی سوود وڕیبا، خۆ ئەگەر ماڵو سامانەکەت دانا و سوودت وەرگرت لەگەڵیدا ئەوە ئەو ڕیبایەیە کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ( صلى الله عليه وسلم ) حەرامیان کردووە، پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) نەفرینی کردووە لەو کەسەی کە ڕیبا دەخوات و لەو کەسەش کەڕیبا دەدات بەخەڵکی .

جا ئەو کەسەی کەماڵ وسامانێکی هەیە ودەیەوێت بیپارێزێت یان بیخاتە سەرمایەگوزرای وبەرهەمهێنانەوە ئەوە دەبێت بگەڕێت بەشوێن ڕیگای حەڵاڵ و موباحدا، ئەویش بەوەی بیدات بەکەسێکی دەست پاك وئەمین بازرگانی پێوە بکات وقازانجەکەشی لەسەر ئەو ڕیکەوتنە دابەش بکەن کە ڕێدەکەون لەسەری .

خۆ ئەگەر هیچ وەسیلەیەكی مەشروعی نەبینیەوە بۆ پاراستنی سەروەت وسامانەكەی جگە لەوە نەبێت كە بیخاتە یەكێك لەو بانكانەوە ئەوە لەبەر ضەرورەت وپێویستی قەیدی ناكات بەمەرجێك هیچ فائدە و سوودێك وەرنەگرێت ، ئەویش بەو شێوەیەی كە بانكێك هەڵبژێریت كە كەمترین مامەڵە بەڕیبا و سوودەوە دەكات وزیاتر نزیكە لە مامەڵە شەرعیەكانەوە .

شیخ عبد العزیز ابن بازیش ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لەم بارەیەوە دەڵێت :

دانانی ماڵو سامان لەبانكەكاندا بە فائدی وسوودێكی مانگانە یانساڵانە، ئەوە ئەو ڕێبا وسوودە حەرامەیە كە بەكۆدەنگی سەرجەم زانایان حەرامە، بەڵام دانانی لەو بانكانەدا بەبێ سوود وفائدە باشتر وایە وازی لێ بهێنرێت جگە لەوكاتە نەبێت كە ضەرورەت وابخوازێت كە دابنرێت، چونكە دانانی ماڵوسامان لەو بانكانەدا ئەگەر خاوەنەكەشی فائدە و سوود وەرنەگرێت بەم كارەی هاوكاری وهەماهەنگی خاوەن بانكەكان دەكات لەسەر وەرگرتنی ڕیبا وسوود، بۆیە ترسی ئەوە دەكرێت لەخاوەنەكەی كە بچێتە بازنەی ئەو كەسانەوە كە هاوكار وهەماهەنگی یەكتری دەكەن لەسەر گوناهـ وتاوان ئەگەر چی خۆیشی مەبەستی ئەوە نەبێت و ئەوەشی نەوێت، بۆیە واجبە زۆر حەزەری ئەو شتانە بكرێت كە پەروەرگاری باڵادەست حەرامی كردوون، وە ئەو ڕیگایانە بگیرێتە بەر كەحەڵاڵن بۆ پاراستنی ماڵ وسەروەت وسامان، خوای گەورە سەرجەم موسڵمانان سەركەوتوو بكات لەو شتانەی دەبێت بەهۆی خۆشبەختی وبەختیاری ڕزگارییان لە دونیا و دواڕۆژدا، هەروەها كار ئاسانیان بۆبكات بۆ ئەوەی زۆر بەخێرا چەند بانكێكی ئیسلامی خاڵی لە ڕیبا وسوود دابمەزرێنن هەر ئەویش پشت وپەنایانە بۆ وەها كارێك وبەدەسەڵاتیشە تێیدا .

لەكۆتایدا درود ورەحمەتی فراوان بۆ سەرگیانی پێغەمبەرمان هەروەها بۆ سەر گیانی ئال وبەیت وهاوەڵانی .

خوای گەورەش لەهەمووان شارەزاتر وعالم ترە .

سەرچاوە : سایتی ئیسلام پرسیار و وەڵام ، فەتواكانی شێخ ابن باز ( 4 / لاپەڕە 30- 311 ) .